بیبلیۆگرافیا و ڕەخنە

# گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا

مارف خەزنەدار

## پێشەکی

مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار حەمە تۆفیق کتێبێکیان بەناوی «گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا» لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوکردووەتەوە. ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبە دەگمەنانەی بەهەناسەیەکی بۆچوونەکانی زانستی سیۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و ڕەخنەی ناوەوە و شێوازی نوێی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئەورووپاییەکان نووسراوەتەوە. ئەم ڕێبازە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هونەری لەناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنگی نەبووە. پەیدابوونی لەناو کۆمەڵی کوردەواری مژدەی هوشیاری و وردبینین و قووڵ بیرکردنەوە دێنێتە ناو مێشکی خوێندەواری کورد کە بەڕاستی لەسامانی نەتەوەیی و بەرهەمی شاعیر و نووسەر و هونەروەری میللەتەکەی خۆی تێبگا.

تا ئێستا ئەم ڕێبازە لەلای ئێمە بەکارنەهێنراوە بۆ یەکالاکردنەوەی بەرهەمی شاعیر و نووسەر و هونەروەرەکانمان. گەلێ ڕووداوی ناڕاست و ئێستگەی جیاواز و پێچەوانەی یەکتری ژیان و بەرهەمی ئەو گەورە شاعیر و نووسەرانەی لێڵ کردووە، یەکێ لەمانە گۆرانە.

ئەم دوو لێکۆڵەرەوەیە چاکیان کردووە بێ لایەنانە وەستاون و هەڵوێستی فیکری خۆیان لەکاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبە بەکارنەهێناوە، چونکە مەبەستیان ئەوەیە هەرچی پێوەندی بەگۆرانەوە هەیە تۆماری بکەن، چاک و خراپ، ڕاست و ناڕاست، جوان و ناشیرین، بەبێ ئەوەی لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە بن، یان ڕەتیان بکەنەوە. ئەمە کارێکی باشە، من لەوە دڵنیام هەندێ شت لەناو ئەم نووسینانەدا دەکەونە بەر چاو، گومانم لەوەدا نییە ئەم دوو کەسە بیروڕای تایبەتی خۆیان هەیە، هەندێکی

پەسەندە و هەندێکی ڕەت دەکەنەوە.
بەشی زۆری کتێبەکە بریتییە لەسەرچاوەی مەیدانی، واتە گفتوگۆ کردن (ڕیپورتاژ) لەگەڵ ئەو کەسانەی گۆرانیان ناسیوە. ئەمانە دەکرێن بە دوو بەشەوە:
١- بەشێکیان کۆمۆنیست، یان دۆستی ئەوانن. ئەمانە گۆران وەک نیشتمانپەروەر و خەباتچی دەخەنە ڕوو، ئینجا وەکو شاعیر، گەورەی دەکەن لەبەر ئەوەی کۆمۆنیستە، ئەوجا شاعیرە.
٢- بەشەکەی دیکە ئەوانەی ستایشی گۆران دەکەن، ئەمانەش دەبن بەدووبەش. هەندێکیان ناسیۆنالیستەکانن زیاتر بایەخ بە لایەنی کوردایەتی گۆران دەدەن، هەندێکی دیکەیان بەسادەیی باس لە هەڵسوکەوتی گۆران و لایەنی جوانکاری شیعری دەکەن، ئەمانە لەسەر ئەو باوەڕەن گۆران شاعیری کورد بێ نزیکترە لە حەقیقەت، نەک شاعیری حیزبێک، چونکە میللەت لە هەموو حیزبێک گەورەترە. بەلای منەوە بیروباوەڕی ئەمانە لە هەموویان مەوزووعیترە. هەرچی بۆچوونی کوڕەکانی گۆرانیشن (هۆگر و ئەژی) پێم وایە بەشێکی زۆر لە زانیارییەکانیان ڕاست و بەجێیە، چونکە لەڕاستی لایان نەداوە.
جگە لەمە کتێبەکە بەباس و وتاری بلاوکراوە دەوڵەمەند بووە، هەروەها کۆمەڵێک نامە و دەسنووس و وێنە و دوکیومێنت بلاوکراونەتەوە کە یارمەتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەدەن لەپێناوی ئەوەی گۆران بچێتە ناو ئەم حەقیقەتەوە، ڕاستی و بەسەرهاتی ژیانی بپارێزێ و ئیستێتیکی شیعری بخرێتە ڕوو و بەرهەمی لەجێی لایەقی خۆی دابنرێ.
مەبەستی منیش وەکو خاوەنەکانی ئەم کتێبە دەربرینی بیروباوەڕ نییە لەمەڕ هەموو ئەو بیروڕایانەی لەبابەت گۆرانەوە لەم کتێبەدا بلاوکراونەتەوە، بەڵکو مەبەستم تەنیا ئەوەیە هەندێ لەو بیروڕایانە ڕوون بکەمەوە، یان ئەگەر هەڵەیان تێدا بێ ڕاستیان بکەمەوە. من ئەم ڕێگەیە بەخۆم دەدەم، چونکە دەمێک بوو گۆرانم ناسیبوو، لەسەرەتا کە هێشتا قوتابخانەی ناوەنجیم تەواو نەکردبوو، نزیکەی دوو ساڵ لە هەولێر شەوو ڕۆژ لەگەڵ گۆران بووم، چونکە ئەو دەستی لەکارکێشرا بووەوە و منیش لە قوتابخانە دەرکرا بووم و بێ کار بووم. لەپاشاندا لەکەرکووک، ئەوجا لەسلێمانی و بەغدا، لەدواجاردا لەمۆسکۆ چەند مانگێک پێش کۆچی دوایی، واتە دوازدە سێزدە ساڵی دوایی پێش مەرگی، من لەگەڵ گۆران بووم، تەنیا ئەو ماوانە نەبێ کە لە بەندیخانە بوو.
زۆربەی تێکەڵ و پێکەڵی لەژیانی گۆران-دا لەدوای ڕووداوەکانی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بیۆگرافیای شاعیریان لێڵ کردووە، بەتایبەتیش ئەو سەردەمانەی لەبەندیخانە بووە. لەبەر ئەوە پێویستە ئەوکاتانە دەست نیشان بکرێن.
١- لەماوەی نزیک کۆتایی ساڵی ١٩٥٠ لەهەولێر دادگایی کراوە لەسەر بڕینی قاسەی حکوومەت، دوو ساڵ حەپس بووە و لە ساڵی ١٩٥٢ ئازاد بووە.
٢- لە ساڵی ١٩٥٤ بۆ جاری دووەم سێ ساڵ حوکم دراوە لەگەڵ ساڵێک لەژێر چاودێری پۆلیس. لەساڵی ١٩٥٦ ئازاد بووە. لەپاییزی ئەو ساڵە لە بەغدا ماوەتەوە.
٣- لەسەردەمی نزیک کۆتایی ساڵی ١٩٥٦ بۆ جاری سێیەم دەگیرێتەوە و سێ ساڵ حوکم دەدرێ. لەساڵی ١٩٥٨ لەدوای ١٤ی تەمموز بەهۆی لێ خۆش بوونەوە، ئازاد دەبێ.
بەم جۆرە جاری یەکەمی لەسەر بڕینی قاسەی حکوومەت بووە، دوو جارەکەی دیکە لەسەر کارکردنی لەڕێکخراوی لایەنگرانی ئاشتی و بیروباوەڕی کۆمۆنیزم بووە.

## قسەکانی ع ح ب

ع ح ب ئەوە دەگێڕێتەوە گۆیا شیعرێکی خۆی بۆ گۆران ناردووە بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەی «ژین» بلاوی بکاتەوە. لەو دەمەی گۆران بە (ع ح ب)ی گوتووە هەندێ دەسکاری شیعرەکەی کردووە، زۆری پێ خۆش بووە. ئیتر گۆران بە ع ح ب دەڵێ شاعیرێکی دیکە وەکو ئەو شیعری بۆ گۆران ناردبوو، ئەویش هەندێ دەسکاری کردبوو، بەلام ئەم شاعیرە پێی ناخۆش بوو، لەدواییدا ع ح ب دەڵێ گۆران ناوی شاعیرەکەی نەهێنا، بەلام بەبۆچوونی ع ح ب ئەو شاعیرە دیلان بووە. بەڵێ ئەمە ڕاستە، دیلان لەکاتی خۆیدا ئەمەی بۆ من گێڕایەوە. بەلای منەوە ڕاستی ئەوەیە، هەردوو شاعیر دیلان و (ع ح ب) هەڵوێستیان هەبووە لەگەڵ ئەوەی پێچەوانەی یەکتریش بوون. مەسەلە چێژ و خەیاڵ و هەوێنی شاعیریەتە، هەروەها توانای داهێنان و مەشقی نهێنییەکانی ناو دڵ و دەروونە، یەکێکی وەکو دیلان

بەرهەمی شیعری بەکامڵی دروست دەکرد، چونکە بەتوانا بوو، لەبەر ئەوە پێویستی بەوە نەبوو گۆران دەسکاری شیعری بکا.

## قسەکانی هۆگر عەبدوڵڵا گۆران

هۆگر دەڵێ گۆران پێش ئەوەی بۆ یەکەم جار بگیرێ فیکری مارکسی پێیەوە دیار بوو، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کارکردنی لەڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی نزیک لەماوەی جەنگی دووەمی گیتی لەشاری یافای فەلەستین. لەماوەی یەکتری ناسینمان لەهەولێر پێش گرتنی یەکەمی نزیکەی دوو ساڵ پێکەوە بووین، من ڕەوشت و ئەخلاقی کۆمۆنیستیم پێیەوە نەدەدی. هەروەها هەستم بەوە نەدەکرد بیری مارکسی هەبێ، لەوانەیە لەگەڵ من هەڵوێستی وا بوو بێ. من و ئەو زیاتر باسی تازەکردنەوەی شیعری کوردی و شیعری مەهجەری عەرەبی و ڕۆمانتیزمی ئەدەبی نەتەوەکانی ئەورووپامان دەکرد، ئەو زیاتر هەڵوێستی خۆی دەگێڕایەوە لەبابەت شیعر و شاعیریەتی نووری شێخ ساڵح و ڕەشید نەجیب و دەوریان لەنوێ کردنەوەی ئەدەبی کوردیدا.

هۆگر دەڵێ گۆران لەماوەی جەنگی دووەمدا کە لە فەلەستین بووە دۆستایەتی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیل بووە، ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، دەبێ پارتی کۆمۆنیستی فەلەستین بووبێ، چونکە لەوکاتەدا هێشتا دەوڵەتی ئیسرائیل دانەمەزرابوو. بۆ زانین پێویستە




ئەوەش بگوترێ زۆربەی ئەندامانی ئەو حیزبە عەرەب بوون و ژمارەی جوولەکە تێیاندا کەمتر بوو.

هۆگر لەگفتوگۆکەیدا بەڕاستی بۆ هەندێ شت نەچووە، وەکو ئەوەی ئێستگەی ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە حەیفا نەبووە و لەیافا بووە، ئێستا ئەم ئاوەدانییە لەگەڵ شاری تەلئەبیب تێکەڵ بووە، گۆران لەیافا ژیاوە. هەروەها هۆگر ئەوە دەردەبڕێ گۆیا گۆران لیریکی «قژکاڵی لیۆئاڵی...» بۆ کچێک گوتووە لە مووسڵ گۆرانی بەدەستی بە کەلەپچەوە دیوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە گۆران ئەم شیعرەی بۆ کچێک گوتووە لە فەلەستین بەناوی «جوانی بێ ناو»ەوە. لە پاشاندا شیعرێکی دیکەی گۆران هۆگر دەڵێ بۆ کچێکی گوتووە لە مووسڵ، ئەمە لەوێ نەبووە، بەڵکو لە هەولێر بووە، لەو کاتەی پۆلیسەکان بەدەستی بە کەلەپچەوە گۆران بۆ بەندیخانەی مووسڵ دەبەن (لەم وتارەدا بەدرێژتر باسی لێوە دەکرێ).

هۆگر دەڵێ پلەی ئەندامیەتی گۆران لەپارتی کۆمۆنیستی عیراق بەرز نەبوو، ئەمە ڕاستە؛ بەڵام زۆر خزمەتیان کرد، ئەمەش ڕاستە. بەلای منەوە هۆی ئەم دیاردەیە پارتی کۆمۆنیست بۆ پڕۆپاگەندە بۆ خۆی خزمەتی شاعیرێکی ناوداری وەکو گۆرانی دەکرد. وەکو دەڵێن ئەوان پێویستیان بەگۆران هەبوو، نەک پێچەوانەوە. نابینین نووسەرێکی وەکو میخاییل شۆلۆخۆف ئەندامێکی ئاسایی نەبوو لە پارتی کۆمۆنیستی رووسیا، بەڵکو ئەندامی لیژنەی ناوەندی بوو، باوەڕ ناکرێ ئەم نووسەرە لە هیچ کۆبوونەوەیەکی حیزبی ئامادە بووبێ، ئەوە ناڵێم لە کۆنگرەکاندا نەبێ، ئەمە هەمووی لەبەر ئەوەی سەر بڵندییە بۆ کۆمۆنیستەکان کەسێکی وەکو شۆلۆخۆف لەگەڵیاندا بێ.

ئەو زانیارییانەی هۆگر لەبابەت باوکیەوە دەری بڕیوون شتی تازە و بەکەڵکیان تێدا هەیە. هەندێ حەقیقەتی لە بابەت گۆرانەوە خستووەتە ڕوو، دۆستە کۆمۆنیستەکانی شاردوویانەتەوە.

## قسەکانی مستەفا ساڵح کەریم

زانیارییەکانی مستەفا ساڵح کەریم بەگشتی لەبابەت گۆرانەوە ڕاستن، بەڵام شتی تازەیان تێدا نییە، چونکە هەموویان لەژیان و لێکۆڵینەوەی بەرهەمی شیعری باس کراون. لەگەڵ ئەوەشدا مستەفا هەندێ زانیاری تازەی بەکەڵکی خستووەتە ڕوو لە بابەت بزووتنەوەی ئەدەبی و

ڕۆژنامەگەری و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی زانیاری تازە لەبارەی هەندێ لە کردەوەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق دەدا بەدەستەوە، چونکە لێیانەوە نزیک بوو.

### قسەکانی حەمەبۆر

حەمەبۆر لەسەر ئەو بیروباوەڕەیە گۆران هەستی نیشتمانپەروەری نەبووە. ئەو دەڵێ گۆران هێندەی باسی کۆمۆنیزم و لینینی کردووە ئەوەندە خەریکی کوردایەتی نەبووە.

دیارە مەبەستی حەمە بۆر لەم قسەیە، قۆناغی دووەمی ژیانی ئەدەبی گۆرانە. ئەم شاعیرە لە بنەڕەتدا نیشتمانپەروەر بووە و بەڕاستی کوردایەتی کردووە. لەو قۆناغەدا ئەگەر بەقەدەر ئەوەی پێویستە کوردایەتی نەکردبێ لەبەر ئەوە بووە فیکری ئەو قۆناغە ئەوەی خواستووە ئەنتەرناسیۆنال بێ نەک ناسیۆنال. لەپاشاندا بەڵگەی نیشتمانپەروەری شاعیر بەڕاستی لەقۆناغی یەکەمیدایە. لە قۆناغی دووەمدا لەبەرئەوەی ڕەسەنی ئیستێتیکی لەبەرهەمی شیعریدا لاواز بوو، بۆیە بەرهەمەکە لەو پلە بەرزە ئیستێتیکییە نەبووە، بەڵام نرخی هونەری خۆی هەیە، هیچ نەبێ وەکو شیعری پەروەردەیی (دیراکتیکی) لە ئەدەبی عالەمیدا لەسەردەمی هۆمیرۆسەوە لەناوەوەیە تائێستا.

حەمەبۆر دەڵێ لەدوای حوکمدانی ماوەیەک لە نوگرەت سەلمان حەپسییەکەی بردە سەر، ڕاستییەکەی ئەوەیە لە هەولێر حوکم دراو دەست بە کەلەپچە بردیان بۆ بەندیخانەی مووسڵ، بەڵام گرتنەکانی دیکەی سیاسی بوون و لەبەندیخانەیەکی سیاسی بۆ بەندیخانەیەکی دیکەی ئاقارە جیاوازەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق دەگوێزرایەوە. لە گفتوگۆی حەمە بۆردا زانیاری تازە لەبابەت شاعیرەوە خراوەتە ڕوو.

### قسەکانی د. موکەڕەم تاڵەبانی

کۆمۆنیستە کوردەکان لەبابەت هۆی گرتنی یەکەمی گۆرانەوە لایان داوە و باسی حەقیقەتیان نەکردووە، تەنیا د. موکەڕەم تاڵەبانی نەبێ دەڵێ، ئەوکاتە گۆرانی شاعیریش لەو بەندیخانەیە بەند کرابوو، بەڵام لەسەر چالاکی سیاسی حوکم نەدرا بوو، لەدواییدا دەرکەوت بەهۆی چەند کێشەیەکەوە دوو ساڵ حوکم درابوو. لە جێیەکی دیکەدا دەڵێ، ڕاستە لەسەر کێشەیەکی ئاسایی گیرابوو، هەر ئەمەش بووە گرێیەک لەلای. دیسانەوە د. موکەڕەم دەڵێ لەبەر ئەوەی لەسەر بابەتێکی تایبەت حوکم درابوو، بۆیە هەستی بە کەموکوڕی دەکرد. لەدواجاردا دەڵێ، هەندێ جار لە شوققە سەردانم کردووە، یەک دووجار لە مەجمەعی عیلمی بینیومە. ڕاستییەکەی ئەوەیە مەجمەعی عیلمی کوردی (کۆڕی زانیاری کورد) لەبەغدا بوونی نەبووە، لەساڵی ١٩٧٠ دروست کراوە، واتە لەنێوان ماوەی دوای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ تا کۆچی دوایی گۆران لەساڵ ١٩٦٢ ئەم دەسگایە لەناوەوە نەبووە.

لەگفتوگۆکانی د. موکەڕەم زانیاری تازە هەیە، لە قسەکانیدا سنوور بۆ سەردەمی گیران و بەندکردنەکانی نەکێشراوە، هەندێ تێکەڵی لە قسەکاندا هەیە، لەوانەیە ئەمە زیاتر بۆ ئەوکەسە بگەڕێتەوە کە ڕیپۆرتاجی لەگەڵدا کردووە.

### قسەکانی ئەحمەد زرنگ

لەدوای ئازاد بوونی گۆران لەگیرانی یەکەمی ماوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ژین» بوو لەسلێمانی. ئەحمەد زرنگ خاوەنی چاپخانە و ڕۆژنامەکە بوو. لە قسەکانی لەبابەت گۆرانەوە زۆرتر ستایش و پێداهەڵدانی پیرەمێردی کردووە (باپیری لەدایکەوە)، لەوکاتەی پێویست بوو باس لەگۆران و هەڵسوکەوتی بکا وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ژین». ئەوەی شایانی باسە لێرەدا گۆران بە ئارەزووی خۆی وازی لەڕۆژنامەکە نەهێنا، بەڵکو نەوەی پیرەمێرد بەتایبەتی ئەحمەد زرنگ بەسیاسەتی ڕۆژنامەکە ڕازی نەبوون و نەیاندەویست پڕۆپاگەندە بۆ لایەنگری ئاشتی و بیری کۆمۆنیزمی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەیان بچێتە سەر، لەبەر ئەوە لە ڕۆژنامەکە دووریان خستەوە.

### قسەکانی د. ئیحسان فوئاد

د. ئیحسان فوئاد دەڵێ «بەهەشت و یادگار» و «فرمێسک و هونەر»ی گۆران لەسەر ئەرکی عەلائەدین سەجادی چاپ کراون. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم دوو کۆمەڵە شیعرەی گۆران لەسەر کیسە و ئەرکی ڕەشید عارف چاپ کراون، بەڵام لەسەر بەرگی چاپەکان ئەم هەواڵە نەنووسراوە. ڕاستییەکە ئەوەیە سەجادی سەرپەرشتی چاپی کردبوو لەبەغدا، هەروەها پێشەکیشی

بۆ نووسیبوو. ئەوەی من ئاگادارم لە دوای بڵاوکردنەوەی دوو کۆمەڵە شیعرەکە، گۆران ئەو پێشەکییەی بەدڵ نەبوو، پێی خۆش نەبوو، چونکە پرسی پێ نەکرا بوو، گۆران خۆشی داوای لێ نەکردبوو ئەو پێشەکییە بنووسێ، دەوری سەجادی تەنیا ئەوەبوو هەڵەچنی و سەرپەرشتی چاپی بکا. پێویستە ئەوەش ڕوون بکرێتەوە ئەو پارەیەی بۆ چاپی دوو کۆمەڵە شیعرەکە تەرخان کرابوو، ڕەشید عارف بە باربوو حسێبی کردبوو، چونکە لەوکاتەدا گۆران دەستی لەکارکێشرابووەوە و وەزعی دارایی خراپ بوو، چاوەنۆڕی دادگا بوو لە هەولێر.

د. ئیحسان لە قسەکانیدا باس لەوە دەکا گۆران کە هاتە مۆسکۆ لەنەخۆشخانەی کرملێن پاڵیان خست. گۆیا ئەمە گەورەترین نەخۆشخانەیە و تەنیا بۆ پیاوە گەورەکانە، وەک ئەندامانی لیژنەی ناوەندی، یان وەزیر، یان سکرتێری حیزبی کۆمۆنیست و لەم بابەتە زلانە، تەنانەت چوونە ژوورەوەش بۆ لای ئەو نەخۆشانە پێویستی بە بڕیارێکی تایبەتی هەبوو.

دەبوو د. ئیحسان فوئاد لەهەموو کەسێک زیاتر ئاگاداری ئەوە بێ ئەم نەخۆشخانەیە یەکێکە لە نەخۆشخانە ئاسایی و گشتییەکانی شاری مۆسکۆ. نەخۆشخانەی لەویش گەورەتر و بەناوەرۆک گرنگتر هەیە وەکو نەخۆشخانەکانی ئەکادیمییەی زانستی و سوپایی و هی دیکە. ئەم نەخۆشخانەیە لەبەر ئەوە بەناوی کرملێنەوە ناوزەد کراوە، چونکە لەنزیک ئەوەوەیە. لەبەر دەرگای نەخۆشخانەکە پیاو چاوی بەدیوارەکانی کرملێن دەکەوێ. ئەمە هەمووی لەگەڵ گۆڕەپانی سوور و گۆڕەپانی شۆڕش و شانۆی گەورە (بەلشۆی تیاتر) و نامەخانەی لینین (ئێستا نامەخانەی ڕووسیا) و نەخۆشخانەی کرملێن هەموویان لە سێنتەری مۆسکۆن و گەورەترین شەقامی مۆسکۆ بەناوی مەکسیم گۆرکی-یەوە لێیان جیا دەبێتەوە. ئەوەی پێویستە بگوترێ خەڵکی دانیشتووانی ئەو دەوروبەرە بەگەورە و بچووکیانەوە فایلی تەندروستیان لەو نەخۆشخانەیە پارێزراوە.

بەگشتی قسەکانی د. ئیحسان فوئاد لەبابەت گۆرانەوە هەندێ زانیاری تازەیان تێدا هەیە.

## قسەکانی عومەر عەلی سەعید موتابچی

لەگفتوگۆی عومەر موتابچی هەست بەزانیاری تازە دەکەم لەبابەت گۆرانەوە، بەتایبەتی هەندێ ڕووداو و کردار من ئاگاداریان نیم و بە نیسبەت منەوە تازەن، ئیتر بەپێی ئاگاداریم لە هەڵسوکەوتی گۆران بەڕاستیان دەزانم.

## قسەکانی عوسمان محەمەد هەورامی

عوسمان هەورامی تێبینی ڕاست و ژیرانەی لە مەسەلەی شیعری بێسارانیدا هەیە. ئەو ڕاستییە دەردەبڕێ کە شیعری بێسارانی لەلای گۆران پەسەند و جوان بووە، ئەمەی لە گۆران خۆی بیستووە، بەڵام من ئەمەم لەگۆران گوێ لێ نەبووە، لەدواییدا پێش ئەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە ببیستم من خۆم گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە کاریگەری بێسارانی بەسەر گۆرانەوە زۆرە.

هەروەها ئەم شاعیرە یەکێکە لەوانەی لە ڕیزی مەولەوی دەوەستێ لە شیعری شاعیرانی گۆران زەمینی دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی. بێسارانی لەبەرزی ناوەرۆکی شیعریدا لەڕووی هونەرییەوە یەکێکە لە گەورە شاعیرانی کە جوانکاری لیریکی، غەزەلیان داگیرکردووە. لە ڕوخساردا لەکێش و قافیە و ڕیتم و مۆسیقا لەخاسیەت و نەریتی شیعری دیالێکتی گۆرانی لای نەداوە. لەزماندا شێوازی خۆی هەیە، بێسارانی-یە. لەم ڕووەوە شاعیرانی تیرە و هۆزەکانی گۆران شیعریان بەدیالێکتە بچووکە ناوچەییەکەی خۆیان گوتووە. گەلێ وشە و تەعبیریان بەمانایەک هاتووە لە دیالێکتێک بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوەی لە شیعری دیالێکتی گۆرانی دەکۆڵێتەوە، یان واتای لێک دەداتەوە ئاگاداری ئەوە بێ. هەندێ لەو شاعیرانەی بڕێک شیعری دیالێکتی گۆرانی-یان بەکرمانجی خواروو لێک داوەتەوە، لێکدانەوەکە جوانتر بووە لە ئەسڵەکە، لەوانەش شاعیرانی وەکو پیرەمێرد و عەلی کەمالی باپیر ئاغا و جەمیلی ڕۆژبەیانی و کاردۆخی و عوسمان هەورامی و هی دیکە دەکەونە بەرچاو.

بەگشتی گفتوگۆی عوسمان هەورامی لەبابەت گۆرانەوە زانیاری تازەی بەکەڵکی تێدایە.

## بیروڕای حوسێن عەلی شانۆف

حوسێن عەلی شانۆف، بە «کورد ئۆغلی» ناسراوە. گەنجێکی کوردی ئازربێجانی ڕووسیایە. لە شەستەکانی سەدەی بیستەم نامەی خوێندنی بەرزی لە بابەت گۆرانەوە

بوو. لەدوای بەرگری کردن بەزمانی ئازربێجانی وەک کتێب لە باکۆ بڵاوکرایەوە. لەپاشاندا شوکور مستەفا کتێبەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و بەم ناوەوە بڵاوی کردەوە «عبدالله گوران، شعر الشاعر الكردي المعاصر، تأليف حسين علي شانوف، ترجمة شكور مصطفى، بغداد، ١٩٧٥»

هەندێ لە زانیارییەکانی ناو کتێبەکە بەدەسکاری و لە تێنەگەیشتنەوە بەسەر پێی لەسەرچاوەکانیان وەرگیراون. ئەوەی من ئاگادارم سەرچاوەی سەرەکی بۆ کارەکەی عەلی شانۆڤ ئەو ئەڤتۆبیۆگرافیایە بوو گۆران بە تایبەتی بۆ ئەوی نووسیبووەوە، ئیتر مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار حەمە تۆفیق زانیارییان لەچەند لاپەڕەیەک کۆکردووەتەوە و لە تێکستی کتێبە عەرەبییەکەی شوکور مستەفا وەریان گرتووە. قسەی سەیر لەدەمی گۆران هاتووەتە دەرەوە، ورد نییە و لە ڕاستییەوە دوورە. وەکو ئەوەی بۆ بەڵگە گۆران گوتوویەتی «ئینگلیزەکان پێیان گوتم لە کردەوەکانم ڕازی نین لە ئێستگەی ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە یافا، بە تایبەتی لەدوا ڕۆژانی ساڵی ١٩٤٥ مامڵەیان لەگەڵمدا خراپ بوو، ناچار بووم بگەڕێمەوە عیراق، تا لەوێش بەر بەرەکانیان کردم و ڕازی نەبوون لە سلێمانی نیشتەجێ بم، ناچار بووم لەهەولێر بژیم تا دوا ڕۆژانی ساڵی ١٩٥٠، لەو ساڵەدا خرامە ناو بەندیخانەوە، بەتاوانێکی دروست کراو فەرمانی دوو ساڵ ژیانی بەندیخانەیان بۆ دەرکردم، ئەمە هەمووی لەبەر ئەوە بوو شیعرێکم هۆنیبووەوە بەناوی «لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا»».

من لەوە دڵنیام ئەم قسانە بەم جۆرە لە ئەڤتۆبیۆگرافیای گۆران تۆمار نەکراوە، ئەوەی بۆ حوسێن عەلی شانۆڤی نووسیوە. لەکاتی وەرگرتن وەکو سەرچاوەیەک دەسکاری تێدا کراوە. ئەمە و من حوسێن عەلی شانۆڤ دەناسم. کوردێکی ئازربێجانی زیرەک بوو، بە توانابوو. لەنامەی خوێندنی بەرزی لەبابەت گۆرانەوە تاڕادەیەک عیلمیەتی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پاراستووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەوتووەتە ژێر پڕوپاگەندەی ڕۆژنامەگەریانەی بێ سەروپا بۆ پێدا هەڵدانی گۆران وەکو کۆمۆنیستێک، جگە لەوە بەگشتی نامەکە بەهەناسەیەکی تیۆرییەکانی مارکسیزم نووسراوەتەوە، ئەمە ئارەزوو و خواستی دەسەڵات بوو کەس نەیدەتوانی لە ڕێباز و مەنهەجی پارتی کۆمۆنیست لابدا. لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکەی حوسێن عەلی شانۆڤ لەبابەت گۆرانەوە بەگشتی بە کەڵکە و خزمەتی خوێنەری کوردی دەکا و سەرچاوەیەکە بۆ قوتابیانی هەموو قۆناغەکانی خوێندن.

## شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ڕەفیق حیلمی

بڵاوکەرەوەکانی کتێب هەندێ زانیارییان لەبابەت گۆرانەوە لە کتێبی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ڕەفیق حیلمی وەرگرتووە و بە بەرگی یەکەم لە قەڵەمیان داوە و لە ساڵی ١٩٥٦ لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە، ئەوان بەهەڵە کتێبەکەیان بە بەرگی یەکەم داناوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە بەرگی یەکەم لە ساڵی ١٩٤١ لەبەغدا چاپ کراوە، ئەوەی باسی گۆرانی تێدایە بەرگی دووەمە.

بەپێی زانیاری من ئەو نووسینانەی باسی گۆرانیان تێدا کراوە وەکو ئادەمیزاد و شاعیرێک لەوانەیە کەموکوڕی و هەواڵی دروست کراویان گرتبێتە خۆ، ئەو بیروڕایانەی لەلایەن ڕەفیق حیلمی-یەوە بۆ گۆران گوتراون زۆربەیان ڕاست و بەجێ و بەنرخن، لەبەر ئەوە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێ کراون بۆ لێکۆڵینەوە لەژیان و شیعری ئەم شاعیرە.

## نووسینی کاکەی فەللاح

لێرەدا بەڕاستگۆیی و شایەدی کاکەی فەللاح دەمەوێ هەندێ هەڵە ڕاست بکەمەوە لەبابەت شیعری «دوا سەرنج»ەوە. لەکاتی خۆیدا چەند جارێک ئەو ڕاستییەم ڕوون کردووەتەوە کە ئەم شیعرە لە دوای حوکمدانی گۆران لەدادگای هەولێر و دەست بە کەلەپچە ڕەوانە کردنی بۆ مووسڵ ئەم شیعرەی بۆ کچێک گوتووە لەبەر دەرگای ماڵێکی هەولێری چاوی پێ کەوتووە. کاکەی فەللاح دەڵێ لە گۆرانی بیستووە گوتوویەتی لەوکاتەی لە هەولێرەوە بردوویانە بۆ مووسڵ قومیسێرێک و دوو پۆلیس وەک پاسەوان لەگەڵی بوون. پاسەکەیان لەبەردەمی ماڵی کچێکی شۆخی قژزەرد دەوەستێ، کچەکە لەبەر دەرگا دەبێ، ئەمە مایەی ئەو ئیلهامە بوو کە گۆرانی وروژاند، شاعیر کە دەگاتە مووسڵ لەبەندیخانە ئەم شیعرە تۆمار دەکا.

ماڵی ئەو کچە لە یەکێک لەو دوو سێ ماڵانە بوو لەلای دەستە ڕاستی شەقامی هاتوچۆی سەفەری نێوان هەولێر و مووسڵ، لە دوای نەخۆشخانەی کۆنی هەولێر،

ئێستا بووە بەنەخۆشخانەی ددان.

لەگەڵ ئەوەی من چەند جارێک لەبارەی ئەم بابەتەوە نووسیومە، کەچی هەندێ لێکۆڵەرەوەی ئەدەب سوورن لەسەر ئەوەی گۆران ئەو شیعرەی لەسەر کچێک نووسیوە گۆیا لەکاتی بەند کردنەکەیدا لەبەر دەرگای ماڵێک لەمووسڵ چاوی پێی کەوتووە.

یادەوەرییەکانی کاکەی فەللاح زانیاری تازەیان تێدا هەیە، هەندێ لایەنی هەڵسوکەوت و شێوازی بیرکردنەوەی گۆران لە بابەت شیعر و کولتووری گشتییەوە دەخەنە ڕوو.

## بیروڕای هەژار لەکتێبی «چێشتی مجێور»دا

قسەکانی هەژار لەسەرانسەری کتێبی «چێشتی مجێور»دا گومرگی لەسەر نییە. لەو کاتەی هێرش کردن و قسە ساردەکانی هەموو خوێندەواری کوردی گرتبێتەوە دوو سێ کەس نەبێ، چۆن گۆرانیش ناگرێتەوە!

لەوکاتەی هەژار باس لە گۆران دەکا نازانم چی هۆیەک پاڵی پێوە ناوە ناوی جەمال حەیدەری بیا! با من خۆم وەرامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، ڕەنگە مەسەلەکە تەنیا ئەوە بێ جەمال حەیدەری و گۆران هەردووکیان کۆمۆنیستن، بەڵام هەژار وا بۆی دەچێ یەکەمیان سەرکردە و دووەمیان کۆیلەی ژێر دەستیەتی.

هەژار دەڵێ: جەمال حەیدەری ئەگەر شاعیرێکی کوردی کۆمۆنیستی بدیایە پێی دەگوت شیعرێکمان بۆ بڵێ، فلان و فیسار شتی تێدا بێ.

هەژار هەندێ لە هەڵویستی گۆرانی شی کردووەتەوە، هەوڵ دەدا بەدوو ڕوو بیخاتە بەرچاو، پێویستی نەدەکرد ئەمە بکا. ئەو قسانەی بەزمانی گۆرانەوە هەڵبەستراون، ئەوەی من بیزانم قسەی وای نەکردووە و لەبیروباوەڕی ئەوەوە دوورە. لە «چێشتی مجێور» کەس ماوە عەبرەت نەکرێ وەکو هەولێری دەڵێن. لەناو کتێبەکەدا ئەو پیاو چاکانەی بەدڵی هەژار نین سەدان ڕۆشنبیر و خوێندەوار و شاعیر و نووسەر و هونەروەر و خەڵکی دیکە.

## زانیاری مەلا عەبدوڵڵای حاجی سمایل

لەگەڵ ئەوەی بیرەوەرییەکانی ئەم زاتە لەکتێبی «سەربردەی ژیانی سیاسیم» پێوەندییەکی ئەوتۆی بەگۆرانەوە نییە، بەڵام سەرچاوەیەکە بۆ ڕوون کردنەوەی واقیعی ژیانی بەندە سیاسییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیکی عیراق، بەتایبەتی ژیانی پڕ لە ئازار و ئەندێشەی حەپسە کۆمۆنیستەکانی عیراق و کوردە دیمۆکراتەکان. تاڕادەیەک ئەم کارە نامرۆڤەیەتیانە گۆرانیشی گرتبووەوە.

## ئەحمەد دڵزار لە وتارێکیدا لە گۆران دەدوێ

دڵزار قسەی جوان و باشی پێیە لەبابەت گۆرانەوە، بەڵام ئەگەر ناوی کۆمۆنیستی لەسەر نەبوایە وابزانم ئەوەندە ستایش و گەورەی نەدەکرد. گۆران مەدح و سەنای دڵزار هەڵدەگرێ وەکو شاعیرێکی گەورە، پێویستە ئەمە لەچوارچێوەی شاعیریەت نەچێتە دەرەوە، لەڕووی هونەری و ئیستێتیکی شیعرییەوە. هەروەها دەکرێ یەکێکی وەکو گۆران نیشتمانپەروەر و خاوەن ئایدیۆلۆژییەتێکی دیاریکراو بێ، بەڵام ئەوەی لەکەسانی وا بۆ خۆیان و بۆ میللەتەکەیان دەمێنێتەوە شاعیریەتەکەیە، چونکە بەرهەمەکە لەناوەوەیە و بووە بە بەشێک لەسامانی نەتەوەیی و بۆ نەوەکانی سەردەمی خۆی و نەوەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە. لەلایەکی تریشەوە گۆران و خەڵکانی وەکو گۆران دەبن بە موڵکی نەتەوە و هەموو مرۆڤایەتی.

نزیکەی دوو سەدە بەر لە ئێستا مستەفا بەگی کوردی (١٨١٢-١٨٥٠) گوتوویەتی:

**کە من ڕۆییم جەهەننەم پڕ مەکەن لێم**
**لەمن خاڵی مەکەن کۆشک و سەراتان**

لێرەدا (کوردی) ئامۆژگاری کورد دەکا لەدوای مردنی گلەیی لێ نەکەن، بەڵام لەوە دڵنیا بووە بەهۆی دیوانی شیعرییەوە خەڵکی کورد ناتوانن لەبیری بکەن و هەمیشە دیوانی لەناو دەلاقەی کۆشک و سەراکاندا دەبێ و لەبیری کوردزمانان ناچێتەوە.

## ئەژی گۆران لەتاقی کردنەوەی باوکی دەدوێ

لەپرسیارێکدا لە ئەژی کراوە لە بابەت نزیک بوونەوەیەک لەنێوان گۆران و سەییاب لەناوەوە بووە، لەوەرامدا ئەژی دەڵێ، ئەگەر نزیک بوونەوە هەبووبێ لەنێوان ئەم دوو شاعیرە قازانجی کوردی تێدایە بەوەی نوێ کردنەوە لە شیعری کوردی پێش نوێ کردنەوە بووە لە شیعری عەرەبیدا. بەنیسبەت نەتەوەی عەرەب هەموو دەوڵەتەکانییەوە لە چلەکانی سەدەی بیستەم پێشەنگی

بزووتنەوەی شیعری نوێ بەدر شاکر سەییاب و نازک ئەلمەلائیکە بوون.

بەراستی لەشێواز و ڕێبازدا هیچ جۆرە نزیکیەک لەنێوان گۆران و سەییابدا نییە. گۆران ڕووکەش و سەرەوە و دیار و سەهلی مومتەنیعە، کەچی سەییاب قووڵ و مانا لەژێرەوە و ڕەمزە، هەندێ ئەدگاری ڕۆمانتیکی تەماوی لەلای ئەم شاعیرە دەکەوێتە بەرچاو لە ڕۆمانتیکە ئەورووپاییەکانی وەرگرتووە، ئەوانەی لە شار ڕایان دەکرد و لەگەڵ سروشتی ڕووت دەژیان. ئەم دوو شاعیرە سەر بە دوو قوتابخانەی جیاواز بوون، تەنیا لەوەدا یەک دەگرنەوە، هەریەکەیان بەشداری لەشۆڕشێک کردووە لەپێناوی نوێ کردنەوەی شیعری زمانی نەتەوەکەی خۆی. بە شێوەیەکی دیکە لەوەدا لەیەکتری دەکەن، گۆران لەگەڵ نووری شێخ ساڵح و ڕەشید نەجیب لەسییەکانی سەدەی بیستەم شیعری کوردییان تازە کردەوە، کەچی سەییاب لەگەڵ نازک ئەلمەلائیکە لەچلەکانی سەدەی بیستەم (١٩٤٧) شیعری عەرەبییان تازەکردەوە.

ئەژی دەڵێ، گۆرانی باوکی لەگەڵ سەییاب لەیەکێتی نووسەران یەکتریان دیوە. ئەمە وانییە، چونکە یەکێتی نووسەران لە دوای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دامەزرا، لەنزیکەوە ئاگادارم لەوکاتەدا سەییاب مەقبوول نەبوو، چونکە لەدژی پارتی کۆمۆنیستی عیراق زنجیرەیەک وتاری لەڕۆژنامەی «الحرية»ی بەغدا بڵاوکردبووەوە. من و چەند کوردێکی دیکە لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی عیراق بووین بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە، سەییاب لەوکاتەدا لەدوور و نزیکەوە تخوونی یەکێتی نووسەران نەدەکەوت. ڕاستییەکەی ئەوەیە گۆران و سەییاب بەهۆی منەوە بۆ یەکەم جار و دواجار پێش ١٤ی تەمموز بۆ چەند سەعاتێک لەگەڵ یەکتری دانیشتن. لە لاپەڕەکانی داهاتووی ئەم وتارە لەم لایەنەوە هەندێ ڕاستی ڕوون دەکەمەوە.

ئەو شاعیرە کوردەی ئەژی گۆران باسی لێوە دەکا گۆیا لەنامەیەکدا ناوی هاتووە بە عەرەبی لە ئەرشیفی سەییاب دۆزراوەتەوە بۆ هاوڕێیەکی عەرەبی نووسیوە، بە مەزەندەی ئەژی گۆران هی باوکیەتی. ڕاستییەکەی ئەوەیە مەبەستی سەییاب لەو شاعیرە گۆران نییە، بەڵکو محەممەد تۆفیق وردی-یە. من لەنزیکەوە ئاگادارم، سەییاب لەلای من چەند جارێک باسی کردووە. مەسەلەکە ئەوەیە لەدوای ١٤ی تەمموز کۆمۆنیستەکان بەخراپە ناوی ئەو کەسانەیان دەبرد کە لەگەڵیاندا نەبوون، یان ڕەخنەیان لێ دەگرتن. یەکێک لەوانە وردی بوو، جا سەییاب لەو نامەیەیدا بەرگری لە بیروباوەڕی ئەو شاعیرە کوردە دەکا کە وردی بوو، لەم مەسەلەیەدا سەییاب ئەم شاعیرە کوردە بەخۆی دەچوێنێ.

سەییاب لەسەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم قوتابی بوو لە خانەی بەرزی مامۆستایان (دارالمعلمين العالية)، ئەوکاتە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو، لەدواییدا هەڵگەڕایەوە و زنجیرەیەک وتاری لەدژی پارتی کۆمۆنیستی عیراق نووسی. وردیش ڕەخنەی لە پارتی کۆمۆنیست دەگرت. ئیتر سەییاب دەیویست ئەوە بخاتە ڕوو کۆمۆنیستەکان دوژمنی هەموو شاعیرو نووسەر و ڕۆشنبیرێک بوون کە بیروڕایان لەگەڵ ئەواندا نەبوایە.

لە هەندێ شوێن زانیارییەکانی ئەژی تێکەڵ و پێکەڵن. بۆ بەڵگە لەوەپێش گوترا گۆران و سەییاب لەیەکێتی نووسەران یەکتریان ناسیوە، ئەمە ڕاست نییە، چونکە یەکێتی نووسەران پێش ١٤ی تەمموز لەناوەوە نەبوو. لەدوای دروست بوونی یەکێتی نووسەرانیش سەییاب دوور و گۆران لێیەوە نزیک بوو. لەم ماوەیەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیمۆکراتی کوردستان دەوری سەرەکیان لە دروست کردنی ئەم ڕێکخراوە هەبوو. ئەوکاتە ڕەفیق حیلمی و گۆران لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بوون. ئەمەش کێشەیەکی گرنگی دروست کرد لەمێژووی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا. هەندێ جار لە نووسینەکانمدا ئاماژەم بۆ کردووە.

بەگشتی زانیارییەکانی ئەژی لەبابەت باوکییەوە ڕاستی زۆریان تێدا هەیە، بەتایبەتی ژیانی ماڵەوەی خۆیان و بەسەرهاتی باب و باپیرانیان.

### دیدارێک لەکۆواری «گەلاوێژی نوێ»

عادل گەرمیانی و محەممەدی مەلا کەریم بەشدارییان لەم ڕیپۆرتاژەدا کردووە.

لە وەرامی پرسیارێک گۆیا گومان لە ساڵی لەدایک بوونی گۆران-دا هەیە، ساڵی (١٩٠٤)ە، یان (١٩٠٥)ە! ئەوی ڕاستی بێ لەکاتی خۆیدا ساڵی لەدایک بوونی گۆران بەپێی تەقویمی هیجری نووسراوە، دیارە ساڵی (١٣٢٢) بووە. کە ئەو ساڵەیان گۆڕیوەتە سەر تەقویمی مەسیحی دیویانە ئەو ساڵە دەکەوێتە نێوان

هەردوو ساڵی (١٩٠٤) و (١٩٠٥). ئەگەر ڕۆژ، یان مانگ لەگەڵ ساڵەکە لەناوەوە بوونایە ڕاستییەکە دەدۆزرایەوە. لەم حاڵەتەدا لە ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی ئەورووپا ساڵی یەکەمەکە وەردەگرن، ئیتر مەسەلەکە ناچێتە ناو گفتوگۆی درێژدادرییەوە، چونکە ئەوە هەڵناگرێ. ئەگەر مەسەلەکەش لەڕووی زانستییەوە زۆر گرنگ بێ هەردوو ساڵەکە بەم شێوەیە دەنووسن (١٩٠٤/١٩٠٥). بەم پێیە بۆ گۆران و هەموو شاعیرانی دیکەمان لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا ئەگەر ساڵی هیجری کەوتبێتە نێوان دوو ساڵی مەسیحی یەکەمەکەم وەرگرتووە. ئیتر بۆ لەدایک بوونی گۆران ساڵی (١٩٠٤)م دەستنیشان کردووە. پێویست بەوە ناکا ناوی هەردوو ساڵ ببرێ.

ئەم دوو نووسەرەی ڕیپۆرتاژیان لەگەڵدا کراوە گومان دەخەنە سەر ئەوەی گرتنی یەکەمی گۆران لەسەر مەسەلەی ئیختیلاسی پارە بووبێ، مەسەلەکە دەگەڕێننەوە سەر سیاسەت، لەبەر ئەوەی گۆران کۆمۆنیست بووە، بۆیە ئەم داوەیان بۆ ناوەتەوە بۆ ئەوەی وەک بەدڕەوشتێک بکەوێتە بەر چاو. بەڵگەی ئەمانە ئەوەیە بە کەفالەت بەردراوە تا ڕۆژی موحاکەمە. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە هەموو مووچەخۆرێک ئەگەر لەسەر ئیختیلاسی دەستی لەکاربکێشرێتەوە وەکو حاڵەتی گۆران حەپس ناکرێ تا بە کەفالەت بەربدرێ، تەنیا لە دائیرە دەوام ناکاو نیوەمەعاشیش وەردەگرێ تا بڕیاری دادگا بڵاو دەکرێتەوە، ئەوکاتە ئەگەر بێ تاوان دەربچێ ئازاد دەکرێ و هەموو نیو مەعاشەکانی دیکەی وەردەگرێتەوە. بە هەموو جۆرێکیش ئازاد بکرێ، یان بخرێتە بەندیخانەوە مافی خانەنشینی دەپارێزرێ.

هەر چۆنێ بێ مەسەلەی بڕینی قاسەی حکومەت لە لایەن گۆرانەوە گومان تێدانییە، چونکە خۆی ئیعتیرافی بەوە کردووە کە قاسەی بڕیوە لەو شیعرە جوانەی لەبەندیخانە بۆ ئەم مەبەستەی گوتووە.

لەگفتوگۆکەدا لە وەرامی پرسیاری بیستەم ئەمە هاتووە: مارف خەزنەدار بەمنی گوتووە لە ساڵی ١٩٥٥ لەگازینۆیەکی نزیک مەیدانی حافز قازی لەبەغدا گۆرانی بە سەییاب ناساندووە.

جارێ لەپێش هەموو شتێک نازانرێ ئەم پرسیارە کێ لەمنی کردووە! عادل گەرمیانی، یان پەیامنێری «گەلاوێژی نوێ»! هەرچۆنێ بێ ئەمە بەڕوونی نەنووسراوە، بەڵام دەبێ پرسیارەکە هەر عادل کردبێتی، چونکە من گفتوگۆی ئەدەبی و ڕۆشنبیریم لەگەڵ ئەم کۆوارەدا نەکردووە.

لەوەرامدا عادل قسەی منی بە سادەیی و تەماوی نەقڵ کردووە، چونکە ساڵ ساڵی ١٩٥٥ نەبوو، لەبەر ئەوە کەوتووەتە هەڵەیەکی زەقەوە. منی خستووەتە ڕوو ئەگەر یادداشتەکانم بەم زوانە بڵاوبکرێنەوە دەبێ هەموو ئەو شتانەی دەیانگێڕمەوە باوەڕیان پێ نەکا، دەڵێ «لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا لە دوو شت دڵنیام، یەکەم ئەوە کە مارف خەزنەدار بەدرێژایی ساڵی ١٩٥٥ گۆرانی نەدیوە..» (١)

بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم مەسەلەیە بەکورتی دەڵێم «لەساڵی خوێندنی زانستگا ١٩٥٦-١٩٥٧ من لە پۆلی چوارەمی کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدا بووم. لەپاییزی ئەو ساڵەدا ماڵمان لە کۆڵانی تەپەتولکوردی گەڕەکی فەزلی بەغدا گواستەوە گەڕەکی کەسرە لە ئەعزەمییەی بەرانبەر بە بارەگای مەلیک (البلاط الملکي). تازە لەم خانووەدا جێنشین بووین کە لە ماوەی مانگی ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ گۆران بەغدای کردبووە جێی ژیانی خۆی لەدوای ئازادبوونی لەبەندیخانە. لەو دەمەدا زۆرتر خەریکی چارەسەری نەخۆشی هۆگری کوڕی بوو لەبەغدا. وەک بزانم ئارەزووی ئەوەی هەبوو ماوەیەک لەبەغدا بژی بۆ ئەوەی لەسلێمانی دووربکەوێتەوە. ڕەفیق حیلمی ئەوکاتە لەشارەوانی بەغدا (أمانة العاصمة) لەسەر پەرشتی چاکسازی ڕێگەوبان لە ئەبوغرێب بەچاوەش دایەزراند بوو. ئەو گرووپە کرێکارە لەلایەن خوالێخۆش عومەر خەزنەداری برامەوە بەڕێوە دەچوو. گۆران بۆ سەر کار نەدەڕۆیشت، عومەر کارەکەی ئەوی دەکرد و هەموو هەفتەیەک ڕۆژانەی بۆ دەبرد و گۆران هاتوچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد و شەوێکیش لەماڵمان مایەوە.

لەوکاتەدا چوار ساڵ بوو ئاشنایەتیم لەگەڵ بەدر شاکر سەییاب پەیداکردبوو. زۆر لێیەوە نزیک بووم، ئەگەر هەموو ڕۆژ چاوم پێی نەکەوتایە هەفتەی دوو سێ جار دەگەیشتینە یەکتری. بەزۆری هەردووکمان پێکەوە دەبووین، هەندێ جاریش لەگەڵ عەبدولڕەزاق عەبدولواحید و کازم جەواد ڕامان دەبوارد.

ئێوارەیەکی خۆشی پاییزی بەغدا بوو، لەچاپخانەیەک لە چاپخانە هاوینییەکانی سەربانی دوکانەکانی دەوروبەری گۆڕەپانی حافز قازی گۆران و سەییاب بۆ

یەکەمین جار ناسیاویان لەگەڵ یەکتری پەیدا کرد.
من و گـۆران پێکەوە لەبابولوعـەزەمـەوە بەپیـاسـە لە شەقامی ڕەشید کەوتینەڕێ. کە سەرکەوتین بۆ سەربان سەییاب بەخۆی و کۆمەڵێک ڕۆژنامە و کۆوار و کتێبی ئینگلیزی لەچایخانەکە دانیشـتبوو و چاوەڕێی ئێـمەی دەکرد.

مـاوەی زیاتر لە سێ سـەعـات دەمـەتەقێ بوو، باسی هەمـوو شتێک کرا، بەتایبـەتی ئەدەب تەنیـا سیـاسەت نەبێ. کـات گـەیشــتـە نیـوەی شـەو. نانی ئێـوارەمـان سیـوجگەر (فـەشافیش) بـوو، هەر لەو سەربانە لەنزیک چایخانەکەوە کابرای کـەبابچی سیـوجگەری دەبرژاند بۆ دانیـشـتـوانی کە لەوێ دەحەسانەوە. ئەمـە یەکـەم جار و دواجار بوو ئەم دوو شـاعیـرە گـەورەیە چاویان بەیەکـتری کەوت. ئیـتر وابوو پێش کۆتایی سالّی ١٩٥٦ گۆران بۆ دواجار گیـرایەوە و لەدوای ڕووخانی ڕژێمی مـەلیکی لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ئازاد کرا.

ئەم وتـارەی گـەلاوێژی نوێ زانیـاری تازەی تێـدایە، بەڵام لەهەندێ جـێگە زانیـارییـەکـان لێڵ و تەمـاوین، بەتایبەتی ئەوانەی پێـوەندییـان بەسـەردەمی جـموجۆڵی گـۆرانەوە هەیە لەڕۆژگـارانی ژیانی بەندیخـانە و ژیانی تایبەتی خۆی لە سلێمانی و بەغدا.

* * *

کتێبی «گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا» یەکێکە لە کتێبە دەگمەنە چاکەکان کە لە کوردستـانی عیراق لە سـالّی ٢٠٠٧ بلاوکـراونەتەوە. هەندێ کـەمـوکـوڕی تەکنیکی و فـاکت و نادروسـتی بیـری پێـچـەوانە و ئیـجـتیـهـادی کـەسایەتی تێدایە کە دوورن لەشێـوازی لێکۆڵینەوە و بەرنامەی زانستی. لەم ماوەیەدا بۆ بەڵگە هەندێکیان دەخەمە ڕوو.

١- لەپەراوێزی ژمارە (٩)، ل٦٠ نووسراوە (شانۆف، حوسێن عەلی...) ڕاستییەکەی ئەوەیە بنووسرێ (عەلی شـانۆف) ئەمـە لەقـەبی حوسێنە. لەبنجدا بەیەک وشە حسـێب دەکـرێ (عـەلی شـان، یان عـەلی شا). بەپێی دروست کـردنی لەقـەب لە زمـانی ڕووسـیـدا پاشگری (ئۆف) دەخـرێتـە سـەر هەمـوو ناوێک ئەگـەر بکرێ بە لەقـەب. ئیـتر ئەم نووسەرە ناوی (حوسێن)ە و لەقـەبی (عــەلی شـانۆف)ە، بەزمـانی ڕووسی بەسـەریەکـەوە دەنووسرێ (عەلیشانۆف).

٢- لەپەراوێزی ژمـارە(١٥)، لە ل٦٠ نووسـراوە (سۆن، مـێجـەر...) ئەمـە هەڵـەیەکـە نابێ لەنووسـینی کوردیدا ڕووبدا، دیاردەیەکی ناشـیرینە لە لێکۆڵینەوەی زانسـتـیـدا. ئەم ئەفـسـەر و کـوردناسـە ئینگلیـزە ناوی (ئیلیـا)یە، لە قـەبی (سـۆن)ە. لەبەر ئەوەی لە سـوپادا پلەی (مـێـجـەر، یان مـایۆر)ی بووە لەناو خـەڵکی بە (مێجەر سۆن) ناسراوە، لە قسەکردندا، بەم جۆرە ناوی کەوتووەتە سەر زمانی خەڵکی، بەڵام لەکتێب و باس و وتار و بلاوکـردنەوە بەناوی (ئیلیاسـۆن) بلاوکـراوەتەوە، لەبەر ئەوە لە نووسینیدا پێویستە ناوی بە (ئیلیا سۆن) تۆمار بکرێ و (مێجەر) بەکارنەهێنرێ.

٣- نموونەی شـیـعـر و هەندێ نووسـینی دیکە لەکـتـێـبـەکـەدا بەتیپ و ئەلفـوبێ و خـەت و حـەرفی جـوانکاری (حـروف الزينة) چاپ کـراون، ئەمـە لەکاری زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی پەسەند نییە، لەکاری هونەری و ئەلبـوومی و بڕوانامە و دوکیـومێنتی یادگاری گرنگ بەکار دەهێنرێن.

٤- لەکـتێبەکەدا هەڵـەی چاپی کـەم نییە، پێویسـتە هەڵـەچنی لەچاپی هەمـوو تێکسـتـێک تەنیـا بەتاکـە کەسێک نەسپێررێ. ئەو سەردەمە کۆنە بەسەرچووە، واتە دوا سالانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستـەم کــتــێـبی نەتەوەکـانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست چەند لاپەڕەیەکی کۆتایی کتـێبەکە بۆ (غـەلەتنامـە) تەرخـان دەکرا. ئەوکاتە تیپی نووسینی بۆ ئامادەکردنی کتێب بۆ چاپ بەدەست دەچنرا، ئێسـتا بەکۆمپیوتەرە، مەسەلەکە ئاسان بووە و تەنیا هۆشیاری پێویستە.

**پەراوێز:**

**(١) قسەکانی عادل هەندێ درێژە و تێکەڵ و پێکەڵیش بووە، خوێنەری ئەم وتارە ئەگـەر مـەبەسـتی بێ دەتوانێ بگەڕێتـەوە بۆ کتێبی (گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٨٠).**